www.kurdistannet.org
25-3-2003 16:52

# پەیامی نەورۆزی KNK

حامید درودی

لە کاتێکدا ٦ ڕۆژ لە جێژنی نەورۆز تێدەپەڕێ، تازە پەیامی نەورۆزی KNK لە سایتی ''کوردستان نێت''دا دەکەوێتە بەرچاو. ئەمەش لە جێگای خۆی، بەڵام نێوەڕۆکی پەیامەکە شتێکی تێدا نیە کە مرۆڤ شانازی پێوە بکا و بە پەیامی کونگرەیەک دابینێ کە ئیدعای ''کونگرەی نەتەوەیی کوردستان'' دەکا.

بەو جۆرەی کە لە کولتووری ئێمەدا باوە، پەیامەکان و ئارەزووەکان نەک تەنیا لە ڕێکخراوەیەکی سیاسی دا، بەڵکوو لە نێو بنەماڵەش دا، ئەوە بووە کە مرۆڤ ئاوڕێک لە رابردووی ئەو یەکساڵەی خۆی بداتەوە و هەڵسەنگێنێ و ئەوەش کە ئارەزوویەتی بە نیازی ئەوەی کە ئەم ساڵ بۆی تێکۆشێ و پێی بگا رایدەگەیەنێ.

پەیامەکی کونگرەی نەتەوەیی کوردستان هیچکام لەمانەی تێدا نیە.

سەیرتر لەمانەش، دەست پێکردنی شەڕ لە عێراق دایە و ئاوارە بوونی بە میلیۆنان کورد بۆ سەر سنوورەکان. لە لایەکیشەوە تورکیە وەک داگیرکەری یەکێک لە گەورەترین بەشەکانی کوردستان تەماعی بەشێکی دیکەی کەوتووەتە دڵەوە و بە کەڵەگایی دەیهەوێ بچێتە نێو ئەو بەشەی کوردستان کە ئێستا ئازاد کراوە و لە ژێر دەسەڵاتی کورد دایە. لەم پەیامە دا چووکەترین باس لەمانە نەکراوە. هیچ نەبێ لانی کەم دەبوو دۆعا و سکاڵایەک بۆ بەندیە سیاسیەکان و بنەماڵەکانیان یان بنەماڵەی ئەو شەهیدانەی لە هەر چوار پارچەی کوردستان رۆژانە گیانی خۆیان بەخت دەکەن، لەو پەیامە نەورۆزیەدا بگونجێندرابا.

لانی کەم دەبوا ئارەزووی ئەوە کرابا کە ئەو رژیمانەی ئێستا لە سەر کارن و ڕۆژانە کورد ئەشکەنجە و ئازار دەدەن و سووکایەتی و بێحورمەتی بە دایک و خۆشکی کورد دەکەن لە نێو بچن و لە جێگایان چەند حکومەتی دیموکرات دابمەرزێ. یان لانی کەم ئارەزوو کرابا کە ئەگەر شەڕ لە کوردستان دا دەستی پێکرد کورد هێندە ئاوارە و دەربەدەر نەبن یان جارێکی دیکە ندرێنە بەر گازی شیمیایی.

لە بەندی سێهەمی پەیامەکەدا ئاوا هاتووە:''نەورۆز بۆ گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە بەیەکەوە دەژین، بریتییە لە تێکۆشانی دیموکراسی و، ئاشتی و ژیانێکی یەکسان. '' باشە بەڕاستی ئەمە کەی وایە!! ئەوەندی ئێمە لە بیرمانە داگیرکەرانی کوردستان هەموو ساڵێک بە جۆرێک نەورۆزمان لێ تاڵ دەکەن و کارەساتێکی وامان بۆ دەخوڵقێنن کە نەورۆزمان لە بیر بچێتەوە، من لێرە دا تەنیا ئیشارە بە چەند نموونەی هەرە زەقیان دەکەم:

١- لە سێدارە دانی پێشەوا قازی محەمەد لە ١٠ی خاکەلێوەدا.

٢- شیمیایی بارانی هەڵەبجە.

٣- بەهاری خوێناوی شاری سنە و. . .

لە رستەی کۆتایی پەیامەکەدا هاتووە کە:''. . . هیوادارە نەورۆزی ٢٠٠٣ ببێتە. . . '' یانێ بەڕاستی سەرۆکی کونگرەی نەتەوەیی کوردستان بەڕێز عیسمەت شەریف وانلی، هێندە لە مێژووی کورد بەریی یە کە نەزانێ ئیمساڵ نەورۆزی ٢٧٠٣ی کوردیە، نەک نەورۆزی ٢٠٠٣!؟ بەڕاستی کونگرەی نەتەوەیی هەر ئەوەندە ئاگای لە مێژووی نەتەوکەی هەیە؟

بەشی هەرە بەهێزی ئەم پەیامە نەورۆزیە تەنیا ئەوەیە کە کورد زۆر باش لە جێژندا بەشداری بکەن و ئاگر بکەنەوە. ئەوەی لە هەموو کەس روونە، ئەوەیە کە ئەگەر لەم پەیامەشدا ئەوە نەگوترابا، کورد بۆ خۆیان زۆر چالاکانە ئاگر دەکەنەوە و هیچ نەتەوەیەکیش وەکوو کورد ناتوانێ بۆ نەورۆز ڕەشبەڵک و شادی بگێڕێ.

ئەم هیوایانە هی منن و هیوادارم بەڕێز عیسمەت شەریف وانلی لە پەیامی نەورۆزی ساڵی داهاتووی خۆیدا بیانگونجێنێ.

www.kurdistannet.org

- هیوام وایه هەموو ئەو رژیمه داگیرکەرانەی کە کوردستانیان لە ژێر چەپۆک دایە، شوێنی خۆیان بدەن بە حکومەتگەلێکی دیموکرات، تاکوو کوردیش بتوانێ وەک مرۆڤ داوای مافی خۆی بکا و مافی خۆی بستێنێ.

- هیوام وایە کورد یەک گرن و پێکەوە بە برایەتی و ئاشتی و ئازادی بژین.
- هیوادارم کە هەلێک برەخسێ تاکوو هەموو بەندیە سیاسیەکان ئازاد بکرێن و بگەڕێنەوە نێو باوەشی نەتەوەکەیان.
- هیوادارم قەد جارێکی تر کورد تووشی شیمیاباران و ئەنفال و ئاوارەیی نەبێتەوە.
- هیوام ئەوەیە کە ئێمەی ئاوارە و پەرپوەی هەندەران بتوانین نەورۆزی ساڵی داهاتوومان لە کوردستانێکی ئازاد دا بگرین. . .

٢٧٠٣/١/٦ی کوردی

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت